www.kurdistannet.org
02/03/2003 22:28

# سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ( دەولەتی کوردستان) دا

**ناڵە حەسەن**

لە گەڵ ئاشکرا کردنی مەرامە گلاوەکەی دەولەتی تورکیا / کە مەبەستیەتی لە چوارچێوەی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، ئەمیش کوردستان. . . بە تایبەتی کەرکوک داگیر بکات. . . ! لەگەل زرینگەی ئەم زەنگە خەتەرناکەدا، خۆشبەختانە گەورەترین نارەزایەتی لەلایەن رۆشنبیران و قوتابیان و تەواوی چینەکانی تری خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد. ئەم نارەزایەتیە شکۆدارە ئەمە نیشان دەدا، کە ئێمەی کورد ئامادەنین سەر بۆ هیچ دەولەتێکی تری داگیرکەر دابنەوێنین. جا چ تورکیا بێت یان حکومەتی فاشیستی بەغداد بێت یان جمهوری ئیسلامی ئێران بێت یان هەر دەولەت و حکومەتێکی تر. . . ! خەونە رەشەکانی تورکیا لە نێو هەگبەی گەردەلوولی شەر دایە، گەردەلوولەکەش وا بەرێوەیە. . . ! بۆیە گەر بمانەوێت خەونە ئافاتیەکانی تورکیا پووچەل بکەینەوە و لە ئەگەرە مەترسیدارە بە کۆمەڵ مردنەکانی تریش خۆمان بە دوور رابگرین / دەبێت لە بەرامبەر شەری کۆنە پەرستانەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق رابوەستین. چونکە داگیرکردنی کوردستان و عێراق لەلایەن ئەمریکا و تورکیا، بە مانای ئایندەیەکی زۆر رەشتر لەوەی کە هەیە. . . ! بە تایبەتی بۆ خەڵکی کوردستان. . . ! وە هەر لێرەشدا بێ بەهابوونی دروشمی فیدرالیزم مانا پەیدا دەکات، وەک رێگاچارەیەکی ئیفلیج و نەگونجا و بۆ وەزعی ئێستامان خۆی پێشان دەدات. وە لە چوار چێوەی ئەم تەئویل کردنەمان ئەوەش دەخوێنینەوە کەوا، خەڵکی کوردستان نەک هەر بە گوڵ پێشوازی لە سوپای داگیرکەری تورکیا ناکات. . . ! بەڵکو گەورەترین نەفرەت و نارەزایەتی بە رووی دا دەدات. مەبەستم ئەوەیە دەبێت ووشیارانە برزێینە سەر شەقامەکان دەبێ بزانین داوای چی دەکەین. . . ؟ چونکە ئێستا فرسەتێکی زێرینە بۆ یەکخستنی خواستەکانمان لە دەوری پێکهاتنی ( دەولەتی کوردستان) دا. دەبێ پێشانی هەموو دنیای بدەین کە ئێمە لە گەڵ پێکهاتنی دەولەتی کوردستان داین. بۆیە هەر نەخشە و ئامانجێکی رەش بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان چ لەلایەن ئەمریکا یان لەلایەن تورکیا یان لەلایەن حکومەتە ناشەرعیەکەی ئایندەی عێراق بێت، ئێمە لە دزیدا رادەوەستین. بۆیە دەبێت زۆر بە رۆشنی بڵێین ( نا بۆ ئەمریکا، نا بۆ سەدام) . دەبێت ئەوەشمان لەبەر چاو بێت کە سەدام حسێن [دەبێت بروخێ و بروا بەڵام / پێویستە لە رێگەی هاتنە مەیدانی هێزی جەماوەری خەڵکی عێراق ئەمە رووبدات. چونکە روخانی سەدام بە هەر رێگایەکی تر و لە لایەن هەر هێزێکی ترەوە بێت. هیچ

دەستکەوت و خێروبێرێکی بۆ خەڵکی عێراق تیادا نابێت. بەڵکو موسیبەتەکان و مالوێرانیەکان و کارەساتەکان بە ئەندازەی گەورەتر دووبارە دەبنەوە. . . ! بۆیە دەبێت نارەزایەتیەکانمان بەردەوام بێت و بڵێین / نەفرەت لە شەر، نەفرەت لە ئەمریکا، نەفرەت لە سەدام، نەفرەت لە تورکیا. . ! بێتەدی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ( دەولەتی کوردستان) دا.

کەنەدا / ٢ی مارسی ٢٠٠٣

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەلاَم بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بلاَویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت